لە بڵاوکراوەکانی برایەتی ئەدەب و هونەر

2




# زیندەبەگۆڕ

مەریەمی قازی

لە بڵاوکراوەکانی بزایەتی ئەدەب و هونەر
«2»
ناوی کتێب: زیندەبەگۆڕ
دانەر: مەریەمی قازیی
پیتچنی و نەخشەسازیی: حەویز حەسەن
نەخشەی بەرگ: دارا حەمە عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپی یەکەم: ڕێبەندانی ٢٠٠٠
ژمارەی سپاردن:( ٢٩ )

له جیاتی پێشه‌کی:-

# هه‌ڵوه‌سته‌یه‌ک

## به‌دیار زینده‌به‌گۆڕه‌وه‌...

زاهیر ڕۆژبه‌یانی
جێگری سه‌رۆکی یه‌کێتی نووسه‌رانی کورد

ئێمە لە باشوور هەر (زیندەبەچاڵ)مان زانیووەو، بەکارمان بردووە، بەڵام دیارە (زیندەبەگۆڕ)یش هەیە و من ئەمیانم پێ ڕاستترە ئەگەر مەبەست بە زیندوویی ناشتنی مرۆڤ بێت، چونکە مەرج نییە هەموو (چاڵ)ێک (گۆڕ) بێت، ئەگەرچی هەموو گۆڕێکیش چاڵە، بەڵام هەموو (چاڵ)ێک گۆڕ نییە.

چیرۆکی (زیندەبەگۆڕ)ی خاتوو مەریەمی قازیی لە وەڵامی ئەم پرسیارە ناماقوڵە دەگەڕێ (**دەتەوێ چەند جاری دیکە بمری...؟!**) دەڵێم (ناماقوڵ) مەبەستم لە زاراوە ئەدەبییەکەیە، چونکە وەڵامی پرسیارەکە پێشوەختە زانراوەو، بەلای کەمیشەوە ئێمەی مرۆڤ دەزانین نەک هەر هەموو مرۆڤێک، بگرە هەموو گیانلەبەرێکیش تەنها یەک مردنی لە پێشەو، هیچ کەسێک بۆی نییە ئەو ئەزموونە کارەساتئامێزە دووبارە یا چەند بارە بکاتەوە، مەگەر ئەو مردنە مەجازییەی کە لەم پەندە کوردییەدا هاتووەو دەڵێ:

**ئازا تەنها یەک جار دەمرێ،**

**بەڵام ترسنۆک ڕۆژێ هەزار جار...**

بەڵام خاتوو مەریەمی قازیی لەم چیرۆکی (زیندەبەگۆڕ)ەیدا باس لە کارەسات و تراژیدیای ڕاست و مەجازیی میللەتێک دەکا، کە لە

ڕووداوی مەرگباری قوربانییەکانی ئەنفال و بەکۆ مردنیان لە سەحرای عەرعەرو، لە کیمیابارانی هەزاران خەڵکی بێ گوناهی هەڵەبجەی شەهیدو، لە لێقەوماوانی کۆڕەوە (٣) میلۆنییەکەی بەهاری ١٩٩١ەوە ڕووە ڕاستەقینەکەی وەردەگرێ.

ڕووە مەجازییەکەشی لەوەدایە کە ئەو کارەساتی مردنی بە کۆمەڵە دەبێتە هۆی زیندووبوونەوەی میللەتێک، زیندووبوونەوەیەک کە لە ئەزموونی دیموکراتیانەی کوردستانی باشووردا خۆی دەنوێنێ، ئەزموونێک کە بەخوێنی ئاڵی سەدان هەزار شەهیدی زیندەبەگۆڕکراو و سووتاوی چەکی کیمیاوی و شەهیدانی بێ ژماری گۆڕەپانەکانی بەرخودان و بەرگری بونیادنراوەو، بووەتە مایەی زیندووبوونەوەو هەستانەوە سەرپێی گەلێک کە هەموو دەوروبەرەکەی هەوڵی لە گۆڕنانی دەدەن، لەکاتێکدا تەنها چەکی بەرگی ئەم گەلە هەر هاوار و بانگی ئاشتییە.

بەڵام ئەمە هەموو کارەساتەکە نییە، بەڵکو تراژیدیا ڕاستەقینەکە ئەوسا دەست پێدەکا کە کابرای دەهۆڵچی و دووزەلەژەن چاوێکی پڕ لە مەترسی لێک دەکەن و لە پڕ ڕا دەهۆڵ دەدڕێ و، دووزەلە زێڕەیەکی لێوە دێت و دەنگی دەبڕێ. خەڵک ڕادەکەن و هاتووهاوار تێکەڵاوی دەنگی داڕووخان و تێکقرمانی کۆشک و قەڵاکان دەبێ و، شارستانیەت وێران دەبێ و، زەوی زار دادەبچڕێ و وەکو ئەژدیهایەکی ئەفسانەیی زیندەوەر و بێ گیان وەکو یەک هەڵدەلوشێت. وڵات و ناوچە و ژیان هەموو پێکەوە نەوی و نزمتر دێنە پێش چاو و، کورد لێک هەڵدەپرژێن و لێک ڕاست دەبنەوەو... کە هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ **شەڕی کاولکەرو (ناماقوڵ)ی ناوخۆ**... کە کارەساتی ڕستەقینەی پاش زیندووبوونەوەو هەستانەوەی کوردە، پرسیارە ناماقوڵەکەش لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەڵێ:

## بەدەبەخت ئەوە چ دەکەی؟...
## دەتەوێ چەند جاری دیکە بمری......؟!

ناماقوڵی پرسیارەکەشە کە ناماقوڵیی کارەساتە ڕاستەقینەکە لە دەقی چیرۆکەکەو لە زەینی خوێنەرەکەیدا تەرازوو دەکاتەوە، چونکە زۆر جار گەورەیی ڕووداو هێندە لە واقیع بە دوورو ناماقوڵە کە ناکرێ و ناشبێ بە پرسیاری ماقوڵ و بەجێ دەگەڵیدا ڕووبەڕوو ببینەوە، دەنا پرسیارەکە هێندە گەمژانە دەبێ کە تراژیدیاکەش بکات بە کۆمیدیایەکی بێ تام و خوێ و ببێتە هۆی لە گرێژنەچوونی هەموو گەیەکانی ڕووداوەکەو، لێکحاڵی نەبوونی داهێنەرو دەق و خوێنەرەکەشی... جا وەک (نەرێ)یەک لە (نەرێ)یەکی تر دەدرێت و (ئەرێ)یەک دێتە کایەوەو، یا وەک نێگەتیڤێک لە نێگەتیڤێکی تر دەدرێت و پۆزەتیڤێک دێتە ئاراوە، ئەوا لێکدانی ناماقوڵ و ناماقوڵێکی دیکەیش (ماقوڵ)ێک دروست دەکەن، کە دەتوانین هەر هیچ نەبێ لە دەقێکی ئەدەبیدا وەک ڕاستیەک قبوڵی بکەین.

خاتوو مەریەمی قازیی لەم چیرۆکەیدا (سوودی لەم پەیوەندییە وەرگرتووەو هاتووە بۆ نووسینەوەی بەسەرهاتێک و دارشتنەوەی لە شێوەی (کورتە چیرۆک)ێکدا کەڵکی لێ دیووە، کە لە ڕووی گەورەیی ڕووبەر و، ماوەو شوێنەکەوە هەموو مێژووی کوردو هەموو کوردستان و دەورووبەرەکەشی گرتۆتەوە، ڕووداوێک کە ناکرێ و ناشبێ لە شێوەو شێوازی چیرۆکێکی واقیعیدا دابرێژرێت، چونکە شوێن و ماوەو کەسایەتی و یەکەکانی دیکەی کورتە چیرۆک دیاری و سنووردارن و ڕێگەی هیچ زیادەکاریی و زیادەڕۆیەک نادەن، بەڵام خاتوو مەریەمی قازی بە بەکاربردنی ئەم شێوە ناماقوڵە توانیویێتی بەسەر ئەم ئاستەنگ و کۆسپانەدا زاڵ بێت و لە کەشوهەوایەکی ئەفسانەیی وادا چیرۆکەکەیمان بۆ بگێرێتەوە کە ئیتر بیری خوێنەر لەو ڕەگەزانەی

چیرۆکی کورتی واقیعی ببڕێ و، لەژێر کاریگەریی ڕەگەزە ئیستوریەکەدا ئیتر نە لە خۆی و نە لە چیرۆکبێژ و نە لە چیرۆکنووسەکەش بپرسێت: ئەرێ شتی وا کەی و لە کوێدا ڕوویان داوەو ڕوو دەدەن؟!

کەشوهەواو پانتاییە ئەفسووناویەکەی چیرۆکەکەش تا ڕادەیەکی زۆر لە پانتایی ئەفسانەی کابرای دووزەلەژەن و بەسەرهاتی مشک و منالەکانی (هاملین)ەوە نزیکەو، باوەڕیشم وا نییە کە ئەم لێکچوونە بە ڕێککەوت هاتبێتە کایەوە، بەڵکو تەوزیف کردن و بەکارهێنانێکی زیرەکانەو سوود وەرگرتنێکی هونەرییانەیە لە یەکێک، یا زیاتر لە مۆنتیڤێکی ئەو ئەفسانە نەمرە بە تایبەتیش لە مۆنتیڤەکانی بەکارهێنانی (دووزەلە)و مۆسیقا بۆ پەلکێش کردنی خەڵکەکە بۆ ناو گۆڕەکانیان وەک کابرای دووزەلەژەنی ئەفسانەکە مشک و منالەکانی شاری (هاملن) بەرەو (نەمان) وەدووی خۆی دەخات.

خاتوو مریەمی قازیی لە جێیەکی دیکەی چیرۆکەکەیدا قسە بەناوبانگەکەی (دیکارت)، کە دەڵێ: «من هزر دەکەم کەواتە من هەم»، بە شێوەیەکی دیکە دادەڕێژێتەوە کە لەگەڵ سەدەی برسێتی و ئێش و ئازاردا بگونجێت و لەسەر زاری دووزەلەژەنەکەوە دەڵێ:

**تووتیمە...**

**برسیمە کەوابوو هەم!...**

**زیندووم**

لێرەشدا کێشەی سەرەکی مرۆڤی برسی و تینووی کورد لەم تاکە دێڕەدا خەست و چڕ دەکاتەوە، ئەمەش ڕەهەندێکی فەلسەفی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە ڕووداوەکە دەبەخشێت.

زیندەبەگۆڕ، زایەڵەی زەنگی مەترسیی دووبارە بوونەوەی هەڵکشان

و داکشانی ستوونیی گەمەی ژیان- مردن، مردن- ژیانەوەیەکی هەمیشەییە کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە دووچاری گەلی کورد بووەو، نە لە کرۆکپی مردندا ئۆقرە دەگرێ و، نە لە هات و هاواری ژیاندا سەقامگیر دەبێ.

زیندەبەگۆڕ، باڵیۆزی چیرۆکی ڕۆژهەڵاتە بۆ باشوورو، نەخشەی جوگرافیای تەلبەندکراوی چیرۆکی کوردیی کەلێن بڕ دەکا... زیندەبەگۆڕ نوقڵانەی ئەزموونێکی هونەریی و هۆشمەندانەی سیاسی سەرکەوتووە... دەسخۆشانە لە خاتوو مەریەمی قازیی دەکەم.

***

# زیندەبەگۆڕ

مەریەمی قازیی

به زۆری برێکی ئەوبەر ئەوبەر کرد. هەروا کە راکشابوو چاوەکانی چەند جار بەزەحمەت هەڵێنا و قووچاندەوە، بەڵام جگە لەتاریکی، ئەویش تاریکێکی کە دەتگوت بەسەریدا رووخاوە چی هەست نەکرد، هەموو گەی لەشی دێشا، ویستی لاقەکانی هەڵکێشێتەوە بەڵام نەیتوانی.

رێگەی هەناسە هەڵکێشانی بە باشی نەبوو. وردە وردە عەقڵی هاتەوە بەرەخۆ هەوەڵین پرسیار بە مێشکیدا هات: ئێرە کوێیە؟ دیسان ویستی نەختێک بجووڵێتەوە، بەڵام ناڵەیەکی لەبەرهات و ئێش و ئازاری لەشی پێشی ئەم کارەی پێ گرت. لە پڕ گوێی لە دەنگێک بوو! یەکێک دەگریا، یەکێک وەک ئافرەتێک، پێی سەیر بوو! ویستی هاواربکا بەڵام نەیتوانی زاری بەسرا بۆوە، مەترسیەکی زۆر دایگرتبوو... تاریکی وتاریکی... بارستاییێکی کە بەسەریدا رووخاوو... بیرێکی ناخۆش هاتە ناو مێشکی: «شەوە؟! شەوە گرتوومی؟؟... نانا... ئەوقسانە چییە؟ ئەدی بۆ دەڵێی...؟ باهەستم...!» بەڵام دەگەڵ سەری هەڵێنا، گرم سەری وەبەردێکی پان و گەورە کەوت کە وەختا بوو هەردووک چاوی دەرپەڕێ. ئەم جار بیری لێ بوو بە بڕوا و لە خاتر جەمیسیەکی کەپێی دەس دابوو هەمووگیانی وەلەرزین کەوت: ئەویان ناشتبوو... وەک تەرمێک کفن و دفن کرابوو و خۆڵی بەسەردا کرابوو... هەر ئێستا مارومێرو... دوپشک و... ویستی هاوار بکا و بڵێ... لاچن ... ئەمن نەمردووم ... نەمردووم ، بەڵام نەی تووانی تەنانەت خۆشی گوێی لە هاواری خۆی نەبوو.

بیری وەی کە هەر ئێستا دەبێتە خۆراکی زیندەوەرەکانی بن عەرزی، کە ئارام بۆلای دەخشن، وەک شێتانی لێ کرد، خێرا خێرا گڵەکانی لەسەر خۆی لادەدا بێوەی سەرنج بدا کە ئەم کارەی بۆ دەچێتە پێش یان نا؟ هەرکە چنگێک لا دەدرا، چنگێکی دی دەڕژاوە جێی و جار دەگەڵ جار کارەکەی ئەستەم ترو دژوارتر دەبوو...

ـ نا... لاچن!... ئەمن نەمردووم!...

قسەکانی کە لەسەر دەمی ژیانیان بۆ مردووەکانیان هەڵدەبەست ڕێچکەیان بەستبوو و تەوژمی تەنینەوەی مەرگیان بۆ دەکردە دیاری.. دەلەرزی، دەگریا و بێوچان هەوڵی ڕزگاریی خۆی لەم گۆڕە تەنگ و تاریکە دەدا. هەموو دەست و پەلی لە خوێن هاتبوو...

ـ هاوار... خودایە هاوار....

وردە وردە ڕێگەی هەناسە کێشانی باشتر بوو. گڵەکان جار دەگەڵ جار سووکتر دەبوون ئەوجار بە هەرجۆرێک بوو کفنەکەی دڕی. خۆی خڕکردەوە و بارستایی گڵەکانی خستە سەرشانی و هەڵکورما، هێندەی دیکەی پێ نەچوو ئارەق ڕشتن و تێکۆشانی بە ئاکام گەیشت، دەنگی گریانی ژنەش براوە، حەبەسابوو!:

ـ چۆن شتی وا دەبێ؟!... ئەم دەستە خوێناویانە چییە؟! ئەم قەبرە...؟ ئەم قەبرە بۆ خەریکە زار دەکاتەوە...؟

لە پڕ چاوی بە دیمەنی ژاکاو و تاقەت لێ براوی مێردەکەی کەوت کە هەتا نێو قەدی هەر دەقەبرەکەیدا مابوو و کفنەکەشی هەتا خوارشانی دادڕی بوو و چاوی بەمۆلەق وەستابوون. کابراش هەوەڵین شت کەچاوی پێی کەوت نیستییەکی سەیرو سەمەرەی ژنەکەی بوو کە بەدیتنی وی مەتەقی لێ برابوو. ژنە قاقایەکی شێتانەی بۆ مێردەکەی لێداو گوتی:ـ

ـ بەدبەخت ئەوە چ دەکەی؟... دەتەوێ چەند جاری دیکە بمری؟...

دەنگی ژنە کە وەک نیسیێ دوور دەکەوتەوە هەروا دەنگی دەداوەو شەوی مەرگاوی گۆڕستانی شەق دەکرد.

کابرا ترسا. ئاخر لەمێژ ساڵ بوو ژنەکەی مردبوو. قاقای ژنەکەی وەک تریشقەی هەوری بەسام بوو... دەتگوت ئەم ئاسمانە پان و بەرینە و ئەم گۆڕەپانەی بەر چاوی کە هەتا چاو کاری لێ دەکرد لە هەردو ئاسمان هەر تاریکی و تاریکی بوو، بۆی تەنگە. دەنگی هەروا دەهات و دوور دەبۆوە.

ـ بەدبەخت!... بۆ هەستایەوە؟...بۆ؟.

کابرا خۆی لە چەنگ قەبر رزگارکرد. هاتە دەرێ و لەتەنیشت قەبرەکەی دانیشت دەنگی ژنەکەی بەیەکجاری لەگەڵ سێبەری ون بوو. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا نەیدەزانی نوستووە؟ مردووە؟ یان... هەستی تونیایەتی و برسیەتی هێرشی بۆ هێنا.

– تونیمە؟ ... برسیمە...؟ کە وابوو هەم! زیندووم.

شەو دەسەلاتداریی دەکرد، گۆرستان پەپووی لێ دەخوێند، بە هەر جۆرێک بوو هەستایە سەرپێ، هەنگاوێکی هەڵێنا، بەلام لەباتی وەی بڕواتە پێش، گەڕاوە پشتەوە! ئیتر خۆی نەگرت بەربۆوە. دەمی کە بە عەرزیدا کەوت زانی زەویش لە خۆی تینوو ترە. هەمووی وەک لێوی خۆی قەڵش قەڵش ببوو، خەوی دەهات، بەلام چاوی ئاواڵەتر دەبوون، هاواری کرد، ویستی بڵێ: وەرن... بەهاوارمەوە وەرن.

بەلام، زمانی هێندە سەیرو سەمەرەی قەت نەبیستبوو، مێشکی توانای لێکدانەوەی نەبوو، ئیتر دەستی بە هەردووک چاوێوە گرت و هەوڵی دا بیر لە هیچ نەکاتەوە.

کابرا لەپەنا گۆڕەکەی خەوی لێ کەوت، بە خەونێکی ئاڵۆز لە خەو ڕاچەنی، هەستایە سەرپێ. شتێکی سەیرتری دیت لە هەموو ئەو شتانەی لەو ماوە کورتەدا بە سەری هاتبوو سەیر تر بوو، ڕۆژ خەریک بوو لە ڕۆژئاواڕا هەڵدەهات! ڕووناکی پەردەی شەوی دادڕی، لەپڕ بوو بە هەڵڵا! تەواوی قەبرەکان زاریان کردبۆوەو مردووەکان هەستابوونەوە پێ، ئی وابوو هەر ئێسک بوو، ئی وابوو مارێکی گەورەی لەستۆ هالابوو، ئی وا هەبوو دەیان کرم و مڵە لە کاسەی سەرێوە کە هێشتا بە تاڵ نەببوو دەهاتە دەرێ و بە چاویدا دەگەڕانەوە نێو مەغزی و لە کونی

لوتیوه دەهاتنەوه دەرێ... کابرا خۆی نەگرت دەستی بە چاویوه گرت. دیمەنی ئەم هەمووه مردووه بەم ڕواڵەتە ناشیرنانەیانەوه، ئەم هەمووه کرم و دووپشک و مارو مێرویه... پێستی هەڵکشاوو ئێسکی ڕووت و کفنی ڕزیوو بۆگەنیو... هات و هاوار... ئێش و ئازار وەک شێتانی لێ کردبوو...ویستی هەڵێ بەڵام زۆر بەتوندی گەڕاوه بۆ پشتەوه.

تەواوی مردووەکان لێیان لە هەڵلادا:

ـ هۆ... یت...!

لەو نێوەدا دەنگی دەهۆڵی دۆستەکەی ناسییەوه کە دوو مانگ بەر لە خۆی مردبوو و دەتگوت بەزمی ئەم شانۆ دزێوه ئەو دەیگێڕێ.

سەری هەڵێنا لە حەوارا شتێک سووڕا سووڕا و بەربۆوه کن دەستی! دووزەلەکەی خۆی ناسییەوه. چارەی نەبوو، دەتگوت بە هەموان دەڵێن، دووزەلەکەت لێ دە!

بۆوەی لە چەنگ ئەم هات و هاوارە ڕزگاری بێ دووزەلەی بە دمێوه ناو، چاوی قوچاند و بە هەموو دەماری خۆی لە دووزەلەی توڕاندو، لەو جێگایەیڕا کە باشترین دووزەلەژەنی ناوچەی خۆیان بووه، بێ پشوودان لێی دەداو ماندوو نەدەبوو، کە چاوی کردەوه دیتی لە بەزمێکی زۆر سەیردا لێی دەدەن، خەلووس لە ئاسمان ڕا دادەگەڕانەوه خوارێ، دەبوونە گڕی ئاگرو سەمایەکی ئاگرینیان دەکرد، لە پاشان ئاور دەکوژاوەو دەبوونەوه کوڕو کچی لاو و بڵاوەیان دەکرد... چاوی قووچاندەوه ماوەیەکی دی لێی دا، دەنگی دەهۆڵی دۆستەکەی گوێ لێ دەبوو کە لە تەنیشت خۆیەوه بە هەموو دەماری خۆی لێی دەدا، بەدەم دووزەلە لێدانەوه سەری بە عەرزێوه ناو وردە وردە ڕاست بۆوه، ئەمجار کە چاوی کردەوه زستان بوو، بەفرو تەزوو ڕوحمیان بە کەسدا نەدەهات، هەناسە هەر لە سینگدا دەیبەست، بەڵام کوێستانە بەفراوێکانی کوردستان وەک شارەمێرو جەماوەری پێدا دەگەڕایە خوارێ و، زانی ئەمجار بەزمی سێ میلیۆن ئاوارەی کورد دەگێڕن کە خەریک بوون پشتاوپشت دەگەڕانەوه زێدی خۆیان، هەزاران ژن و منداڵ و پیرەپیاو کە لەبرسان و لە سەرمان لەم ڕێگاو بانەدا مردبوون لەبن لێفەی بەفرو

سەهۆڵدا راست بوونەوە، دەگەڵ ئاوارەکان کەوتنەوە، چەند منالی رەش و رووت و پێخواس لە دایک وباوکیان دەگەڕان تا برسێتی و سەرماو سەخلەتی لەئامێزی گەرمیاندا لەبیرکەنەوە، ئەم هەمووە لاق و لەتەرە پەتیەو، ئەم هەمووە کوردە هەژارو لێ قەوماوە سەر لەنوێ چاوی پێ بەستەوە، کە دەیان دیت بە دەنگی دەهۆڵ و دووزەلە لە تەنینەوەی ژیاندان، دلیان زیاتر گەرم دادەهات و، هەر لێیان دەداو کابرای دەهۆڵچی لەباتی شاباش وەرگرێ شاباشی بلاودەکردەوە... سەری وردە وردە بە عەرزێوە ناو راست بۆوە...

ئەم جار خۆیان لەبەرامبەر حەوت هەزار کەلاکی بلۆق بلۆق و سووتاودا دیت کە خەریک بوو راست دەبوونەوە... بلۆق و سووتاو دادەماڵدراو هاواری ژان و ئێش دەبوو بە خۆشی و پێکەنین وشارە بچکۆلانەکەی «هەڵەبجە» وردە وردە بووژایەوە، کابرا لە تاوان خێرا چاوی قووچاندەوە، فرمێسکێک کە لە چاوانی گەڕابوو دادەگەڕایە خوارێ و هەڵدەگەڕاوە سەرێ، دەنگی دەهۆڵ و دووزەلە لە چوار تەبەقی ئاسمانیش هەڵکشا بووە سەرێ، گووپەکانی هەر هەڵدەسان و دەنیشتنەوەو چاوی زەق دەبوون و دەی قوچاندنەوە.

بەم جۆرە بەسەر دەیان و سەدان کارەساتی دڵتەزێن وشاری خاپوور کراو و ئاوایی وێران کراودا گەڕانەوە پشتەوە... قووڵترین و ئەستەمترین برینەکانیش سارێژ بوونەوە... هەزاران لەشی ئەنجن ئەنجن کراو، گوللە باران کراو... بە دەنگی دەهۆڵ و دووزەلە ژیانەوە، لە چوار چرادا گیرسانەوە... هەوای ئەی رەقیبیان لێداو سەرلەنوێ ئالای هەوەڵین کۆماری کوردستان بەدەس پێشەوای هەڵکرایەوە... ئەودیوو ئەو دیوویان دەکرد، لەنێو هەزاران پێشمەرگەی بارزانی نەمرو، کوردەکانی دیکەی باکووری کوردستان دا چاویان کردەوە، لەسەحرای «عەرعەر» هەزاران کوردی زیندە بەگۆڕیان راست کردەوە، لە باشووری کوردستان لەبەرزاییەکانی ئاراراتەوە گیرسانەوە، سەدان لەشی بێ سەر، کە لە سەریان جیاکرابوونەوە، هەڵگەڕانەوە سەرێ و بەلەشی رووت و بێ سەریانەوە نووسانەوە، تاوانبارانیش چەقۆ خوێناوییەکانیان ئەستڕی و ئیتر کورد بوون تاوان نەبوو... سێ هێزی گەورەی دەورووبەرەکە دەستیان لەرەشە کووژی ... وێران کردن و لە ئاگردان هەڵگرت، هاواری ئاشتی خوازانەی کورد بەرز بۆوە...

گوێی لێ نەبوو کە بەهەموو قەڵشەکانی گووپیدا خوێن دەچۆڕاوە خوارێ، لێیان دەداو دەسووڕان و شاباشیان بڵاودەکردەوە... دا دەگەڕانەوە پشتەوە...

پشتەوەو ... پشتەوە. ئەمجار بەدەنگی دەهۆڵ و دووزەلە هەزاران کورد کەسەریان لەسەر بەرماڵ بۆ سوجدە ڕۆچوو بوو، ڕاست بوونەوە ئاوی دەس نوێژیان هەڵ چۆڕاندەوەو گەڕانەوە ئاورگەکان؟!... هاواری زەرتوشت، ئەهووڕامەزدا و... کابرای دووزەلەچی خێرا شادەوئیمانێکی هێناو چاوی بەستەوە، لێیان دەداو دەسوڕان، سووڕان سووڕان، ئەمجار لەبارەگایەکی یەکجار بەشکۆدا لێیان دەدا.

بۆ خۆشیان زۆر لاوی، پاک و خاوێن، قیت و قۆز ڕاوەستابوون، لە مەیدانێکی پاک و بەریندا سەدان کیژ بەجل و بەرگی کوردیەوە دوو دەسەڕەیان بەدەستەوە بوو و سەمای شل شلیان دەکرد، لە پشتەوەی هەر کچە، کوڕێک هەڵ دەپەڕی کە هەموو لکی سۆرانیان لە هەردێ دەخشا، لە دەیان حەوز کە هەمووی بە گوڵ پەرژینی درابوو و پەیکەری مناڵ و ژنی جوانی لەسەر سازکرابوو، ئاو قەڵبەزەی دەکرد، لەدەورادەوری مەیدان مێز داندرابوو کە هەمووی پڕ بوو لە خۆراکی جۆربەجۆر، سەدان کورد لەم میوانداریەدا بەشدارییان هەبوو، هەموو پاک وخاوێن و ڕازاوە، لەنێوەڕاستی ئەم مەیدانەدا بە چوار لادا، هەر لایەی بە «دە» ڕیز پلیکان دەچوویە سەرێ، لەوێ پادشایەکی بەهیبەت دەگەڵ خاتوونەکەی لەسەر کورسیەکی دانیشتبوون کە هەمووی مەخمەری سوور و ئاوریشمی ئاودامێن بوو و، کەنارەیان بەزێڕ درابوو.

جل وبەرگی خاتوون کوردی بوو و، قەتارەو خرمەک وەک ڕۆژ دەوریان دابوو، چاوو برۆی ڕەش و دەمی خونچیلانەو کولمەی ئاڵ و گەشی جوانی هەموو پەرییەکانی ئاسمانی بەکایە گرتبوو، پادشای گەورەی کوردان دەسەڵاتداری دەکرد، اون ـ ماندا... شارستانی گەورەی کوردان، لە هەشت هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە سەری هەڵێنابۆوە...

ئیتر ئەمە بڕواپێکردنی زۆر ئەستەم و دژوار بوو، بە هەموو دەماری خۆیان لێیان دەدا، کابرای دەهۆڵچی هێندەی نەڕاندبوو هەموو گەرووی نووسابوو، ئەمجار شاباشێکی ساکار نەبوو بڵاوی دەکردەوە، هەر زێڕ بوو هەڵی داویشت و بڵاودەبۆوە، بەهەموو کۆشک وقەڵاکاندا گەڕان... لەپڕ دەهۆڵ دڕا، دووزەلە

زیرەیەکی لێ هات و بێدەنگ بوو، هاژەیەکی توند وەک بومەلەرزەیەک هەردو ئاسمانی وەلەرزین خست هەرچی گیان لەبەربوو ڕای کرد، ئەم جار ئیتر بە پێچەوانە نەبوو، بۆ پێشەوە بوو، کابرای دەهۆڵچی و دووزەلەژەن چاوێکی پڕ لە مەترسییان لێک کرد، هات و هاوار تێکەڵاوی رووخان وتێکقرمانی کۆشک و قەڵاکان ببون، دەتگوت کێوەکان خەریکن بەسەر ئەم شارستانیەتەدا وێران دەبن، عەرز زاری دادەپچڕی و وەک ئەژدیهایەک زیندەوەرو بێ گیانی قووت دەدا، دووپیاو هەڵ دەهاتن، هاواریان دەکرد. دەسوڕان و دەهاتنەوە پێش، جار دەگەڵ جار خەڵک، وڵات، ناوچەو ژیان نزم ترو نەوی تر دەبوون... شارەکان ... ئاواییەکان هەمووی خاپوورکران...کوردێک نەما، لێک هەڵدەپرژان، لێک راست دەبوونەوە... زانیان هەر ئێستا چاویان بە ناشیاوترین دیمەنەکانی مێژوو دەکەوێ، بۆ پشتەوە هەڵ دەهاتن نەیان دەتوانی.

خۆیان لە دارو بەرد دەکوتا نەدەمردن، بەسەر هەموو کارەساتەکاندا هاتنەوە، دەگریان، بەردەبوونەوە... هاواریان دەکرد، کانیاوەکان قەڵبەزەی خوێنیان دەدا، دارستان خۆی دەڕنی و، کێوەکان تفی ئاگریان لە ویژدانی بەشەریەت دەکرد... گۆڕەکانیان دۆزیوە، هەموو مردووەکان هەڵاتنەوە ناو قەبرەکانیان و راکشانەوەو خۆڵ و بەردیان بەسەردا رژاوە...

شەوە... جاروبار پەپوویەک دەخوێنێ و بێدەنگ دەبێ... لەپڕ دەنگێک وەک ناڵە ناڵێک وەدی دێ، کابرای دووزلەچی لەنێو قەبرەکەیدا هەموو گیانی وەلەرزین کەوت، پێی خۆش بوو قەبرەکەی هێندەی دی وێک بێ، دەنگی ژنەکەی ناسییەوە:

ـ نا... نا... ئیتر ئێستا کاتی مردنیان نییە...! هەستن!... هەستن! تازە قەبریش وەخۆتان ناگرێتەوە... دەتانەوێ چەند جاری دیکە بمرن؟ ... هەستن ... هەستن!

# زیندەبەگۆڕ



مەریەمی قازیی

زیندەبەگۆڕ، زایەڵەی زەنگی مەترسیی دووبارە بوونەوەی هەڵکشان و داکشانی ستوونیی گەمەی ژیان – مردن، مردن – ژیانەوەیەکی هەمیشەییە کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە دووچاری گەلی کورد بووەو، نە لە کرۆکپی مردندا ئۆقرە دەگرێ و، نە لە هات و هاواری ژیاندا سەقامگیر دەبێ.

زیندەبەگۆڕ، باڵیۆزی چیرۆکی ڕۆژهەڵاتە بۆ باشووروو، نەخشەی جوگرافیای تەلبەندکراوی چیرۆکی کوردیی کەلێن پڕ دەکا... زیندەبەگۆڕ نوقڵانەی ئەزموونێکی هونەریی و هۆشمەندانەی سیاسی سەرکەوتووە... دەسخۆشانە لە خاتوو مەریەمی قازیی دەکەم.